# ديسانةوة كارواني بةدحالي .... رزطار عبدالكريم

تۆ بلێی ئەم خۆهەڵخەڵەتانەی کاروان و بەردەوامی‌یەتی کاروان بە چەند تەسەوراتێکی‌زۆر نادروست کە لە دەرەنجامی دوو وەڵام دانەوەوە وەڵامی خۆی وەرگرت وخۆگێلکردنی مانای چی بێت ؟تۆ بلێی شتێکم بیرکردبێت یان شتێکی زیاد لە قسەکانی کاروانم زیادکردبێت یان تۆ بلێی مەسەلەیەکم باسکردبێت و پەیوەندی بەبابەتەکەوە نەبێت؟ هەموو ئەوانە لە دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی کاروان سەربەنی بونەجێی پرسیارکردنم لەخۆم، ئەگەرچی دڵنیام لەوەی من لە دوو وەڵامەکەی پێشوومدا چۆن وەڵامیم داوەتەوە بەڵام با کاروان لەگەل بێتو چاوێک بەنوسینەکانی تردا بگێرێت ئەوکات وەک لە یەکەم وەڵامدا وتم‌لەوە کۆنەپەرستانە تر بدوێیت بۆ من ئاسای‌یەو پێم هەزم دەکرێت چونکە لە کۆمەڵگایەکدا پرەنسیبی ئینسانی وون بێت بەدڵنیایەوە مشەخۆر زۆر دەبێت، بۆیە دڵنیام تۆ هیچ کاتێک بۆ هیچ نوسینێک بۆ هیچ سەرچاوەیەک ناگەڕێیتەوەو تەنانەت نوسینەکانی خۆشت ناخوێنیتەوە بۆیە من دڵنیام کاروان بەرلەوەی وەڵامەکەی منی بینیبێت پلانی لەسەر ئەوە داناوە بۆ ئەم جارە چی بنوسێت چونکە لای کاروان گرنگ نی‌یە چی دەنوسیت گرنگ ئەوەی بنوسیت کە منیش لەوە زیاتر کاتی خۆمی پێوە ناکوژم و کانی‌یەکی ڕوون بەبەردی بەدکاران پیس نابێت، من ناچارم بۆ ئەم دوا وەڵامە دەیگەرێنمەوە بۆ نوسینەکەی یەکەم ودووەمم تا بزانێت نەمن بە پێویستی دەزانم لە بابەت لابەم و نەئەوەی ئەو نوسیویەتی لە خانەی نوسین دا من لێی دەڕوانم چونکە گەر لێی وورد بیتەوە لە تێ نەگەیشتن زیاتر هیچ نابینیت ئەگەر چی من‌لە پێشتردا بەتکاوەبۆم نوسیبوو کە تێ بگات هەر ئەوکات نوسیبووم کە باجی بەدحاڵێتی کێ دەبێت بیدات، ئەو من بەوە تاوانبار دەکات کە بابەتەکەم تێکەڵ کردبێت و خۆم دزیوەتەوە لە پرسیارەکانی وەک ئەوە ی ئەوەی کە رویداوە لەسەر فەزایەکی تر بوبێت و کاروان بە کەیفی خۆی ئەم دیوەوئەودیوی پێ بکات و کەس بەدەنگ نەیەت، هەر ئەو کاتە لە وەڵامی یەکەم دا بۆم نوسیبووکە تۆ خۆت باسەکەت تێکەڵ کردووە و لە باسی
خەتەنەدا لە کۆی سی دێڕ زیاتر چوارپێنج دێر لەخەتەنە دواویت (ئەمە
پرەنسیبی نوسینەکوێخا؟) پێم بڵێ
من لە کوێدا وتوومە تۆ پارتیت یان یەکێتی؟وەک ئەوەی بەناوی منەوە وات نوسیووە !!
بەدبەختی‌یە کە لە کوردیش نەگەیت و لافی کوردایەتیش لێ بدەیت لەنوسین‌دا کوێخایانە بە کۆمۆنیستەکان بڵێیت دوژمنی میللەتی کوردی داماون و بۆ ئەوەی پلەی کوردایەتی خۆت لە پێش چاوی خەڵک بەریتە پێش دڵنیابە ئەو جۆرە کوێخایەتی‌یە لە نێو کۆمەڵدا پێی نابیتە ئاغاو شتی تر. . . . . بۆ من ئەو نەزەرانەی نمونەی تۆ کۆمەڵ لە ئاستی جاهیلەکانی
قوڕەیشدا ڕادەگرێت، قاوەگرەوەش نیم بەڵام دڵنیام ئەم بۆچونانەت دەچێتە چ خانەیەکەوە چونکە بۆمن بۆچونەکانی کاروان وسەرانی حاکم بەیەکێتی وپارتی‌یەوە لەیەک تەرازوودان ئیتر کاروان هەرچۆن لێکی دەداتەوە کەس بەرپرس نی‌یە لە تێنەگەیشتنی، لەشوێنێکی‌تردا

ئەم کوێخایە لایەنگری یان ئەندامی بێ شەرمانە بە کۆیلەیەتی دەزانێت ئەو پێیباشەوەک ئەو ڕێوی بم لە پێستی شێردا یان بەرگری لە شتێک بکەم داکۆکی لێ بکەم ئەو کات دڵنیام منیش دەبێت وەک سەرلێشێواوانە بکەومە بەردەم ئیزدواجێتی هەڵوێستەوە وەک ئەوەیلە باسی خەتەنەدا کردویەتی بەتایتل و سەرەتا هەندێک شت دەڵێت و دواتر دەڵێت منیش پێم وایە نەکرێت (کوێخا پێمان ناڵێیت ئەمەت لەچی و ئەوەت لە چی؟) . . من زۆر بەجێی شانازی دەزانم بڵێم کۆمۆنیستم و لەو مەیدانەشدا زۆر بەڵگەم هەیە کە کارم بۆ کردووە کێشەکە لەوەدایە تۆ خۆشت نازانیت چیت دەوێت. . ئاوها لە کۆمۆنیزم دواویت و دڵگرانی مەزهەبی وناسیونالیستیشت پێ بوتریێتلیبرالێتیش ڕەنگە ئەوەقوڕەکەت لاخەست بکاتەوە ئەو بەو هەڵبەستنی قسەیە بۆ من ویستویەتی خوێنەر بخاتە چەواشەیەوە و لەوێوەبێت تەعریفێکی خۆیمان بۆ بکات و خۆی لە ناسک و ڕێبواروعوسمان وئەوان بەچالاکتربزانێت ناهەقم نەبوو کە لە وەلامی یەکەم دا پێکەنینم دەهات. .

کۆمۆنیستەکان بەوە تاوانبار دەکات کە (سەدان جۆر ووشە و ڕستەی گەنیو ڕیز دەکەن وبە خەڵکی دەفرۆشن کە سەگ بۆنی پێوە ناکات) نازانم کاروان چۆن بۆی بۆتە جێی قسەی کە کاروان لەسەری دواوە یان بۆنی پێوە کردووە؟ دواتریش دەڵێت من جنێوم نەداوە و کەسی کۆمۆنیستی چۆن شوبهاندووە ئافەرین کوێخا بەڕاست سەرت لێ شێواوە. . وە دەڵێت کە (ووشەکانی بەدحاڵی بوون ونەزان و ساویلکە و خێڵەکی و کۆنەپەرست) جنێون بیری چوو کە ناوی منی لای خۆی کردبوو بە چی. . ئاخر دەبێت زۆر سوپاسم بکەی کە لە نەزانیت ئاگادارم کردویتەوە ؟ ئاخر بێ شەرمیە کە شتێک بەناوی منەوە بڵێیت و من نەم وتبێت یان بێیت قسەی ئەم و ئەو بەمن بفرۆشیتەوە ئەم جۆرە قسانە لەگەل تۆدا کات بەئینسان لە دەست دەدات بۆیە هەرجی قسەیەکی بازاری تریش بکەیت وەک بایەکی شووم سەیری دەکەم، ئاخر ئەم دێڕە لە کوێی باسەکەی من دا هاتووە (ناردنی ئەندامی نێرینە (کە کەریش

هەیەتی) بۆ ئافرەت ناردن وداوای سێکس لێ کردنی لە جنێو جنێوترن) ئەم قسەیە لەسەر لێشێوان زیاتر هیچ نییە، ڕەنگە پاساوبهێنێتەوەو بڵێت من مەبەستم کەسی کۆمۆنیستی دیکەیە وەک ئەوەی کاروان واتێ بگات کۆمۆنیستەکان هەمووی کۆپی یەکترن بۆیە ئەوەی دراوسێکەی پێی ووت هەر لەسەر من حسابە چونکە ئێمە کۆمۆنیستین. . هاهاها. . . من پێم

ووت دەروونناسی بخوێنەرەوە با شتەکان تێکەڵ نەکەیت کەچی دڵگرانە، دڵگرانەکە من پێی دەڵێم کۆمۆنیزمی کرێکاری بە عەقڵێتی تۆ هەنگاو نانێتو نەزەرەکانی تۆبەهیخۆی نازانێ جارێکی تر بێ ئاگایی خۆی دەسەلمێنێت و دەیەوێتلە مەسەلەیئافرەتەوە کۆمۆنیستەکان بداتە بەرڕەخنە و بە دوژمنی ئافرەتی بەیان بکات، نازانێت تاکە بزوتنەوەیەک کە بەرگری لە ئافرەت کردبێت و هەوڵی دابێت لە پاشکۆیی ڕزگار بکات کۆمۆنیستەکانە ئەم کوێخایە نوسیویەتی (داواکردنی ئەوەی کە ئافرەت لنگ لە دەرپێ دەربێنێت ولە هەر کات و شوێنێ ویستیان کرداری سێکس ئەنجام بدەن) کوێخا من دەمێکە لەسەر ئەوە وەڵامم دایتەوە بۆیە مەڵێ وەڵامت نەبووە بڕوانە نوسینی یەکەمم چۆن وەڵامم داویتەتەوە زۆر داوای لێبوردن

له خێنەر دەكەم كە ناچارم ئەو نوسینە بنوسمەوە {بەدبەختی‌یە كە تۆ لەمانای زاراوەیەك نەگەیت و بەكاری بهێنیت و بیخەیتە ژێر ڕەخنەشەوە كەنەزانێت چۆن ووتراوەومانای چی دەگەیەنێت، ئازادی بێ قەیدوشەرت كە ئەو بەكاری هێناوە بۆ ئینسانەكان بەهەمووشێوە- كانی‌یەوە دەیەوێت جاهیلانە لێكی داتەوەوئەم دوای كەوتووە دەچێتە خانەی حاشێووە ئاخر كاتێك دەوترێت ئازادی بەو مانایەی كە تۆ زۆر لەوە كۆنەپەرستانە تر بیربكەیتەوە ئازادیت و دەتوانیت ممارەسەی ژیانی خۆت بكەیت }وە{ڕەنگە بڵێیت من مەبەستم ئازادی سێكسە ئاخر ئازادی سێكس بەشێكە لە ئازادی‌یە ئینسانی‌یەكان دابڕاونی‌یە لە پێویستی‌یە كانی تر وەك ئەوەی ماسلۆ لە هەرەمەكەیدا ئیشارەی پێداوە كە هاوكات وەك پێویستی بایۆلۆژی حساب دەكرێت} من چووزانم تۆ هەر ماسلۆش نازانیت كێیە؟ئاخر لەوە زیاترتۆ چ وەلامێكت دەوێت یان دەتەوێت بڵێم ڕاست دەكەیت وبەدەهۆڵەكانت هەڵپەڕم ؟

وە بۆ ئەوەی كە بوختانی بۆ ڕێبوار ئەحمەد كردووە هەر پێشتر پێم ووت{لەشوێنێكدا تردا دەیەوێت لە پلەو پایەی كۆمەڵایەتی كۆمۆنیستەكان نهێنێتە خوارەوە دەڵێت كە كەسێك دەچوو بۆ لایان ژنەكانیان نەدەهاتن بۆ بەخێر هاتنیان ڕاستی ئەم قسەیە لە پێكەنین زیاتر هیچ وەڵامێك زیاتری قابیل نی‌یە بەهیوای ئەوەی لێم بگات}بەدبەختی من لەوەدا بوو وام دەزانی تێ دەگەیت چووزانم دەبێت من هەر خەریكی دووبارەكردنەوە بم!!من تكام كرد بەڵام تكاكەم كاری نەكرد. باسی ئەوەی كردووە كە (ئێوە داوادەكەن كە كەسانی بۆرژواوسەرمایەدار بە لیدەر و ڕابەری كرێكاران بزانین) بەڕاستچەواشەی‌و شێواوی‌یە كە ئاوها بێ ئاگایی‌یانە قسە بكرێت من بە باڵی هیچ لەو لیدەرو ڕابەرانەدا هەڵنادەم بەلام دڵنیات دەكەم كۆمۆنیزم لە سەر دەستی مەنسوری حیكمەت زۆر هاوچەرخانەتر بوو، بۆیە تەرازووەكەی تۆ بە ویژدانتەوە بەندە كە تۆ لەمە ویژدانت نەبێت ئەكید نەزەریشت لەوە باشترنابێت، لە كۆتایی دا ماوە بڵێم بە عەولێتی هەشتا ساڵ پێش ئێستا كوێخا كاروان ڕێبواروتاهێر و ناسك و ئێمەش بە كۆمۆنیست نازانێت گەر لە ئەلبیسەكە و نەوت و كوێ وكوێ كرێكاریمان نەكردبێت وەك ئەوەی بڵێت تۆ كرێكار یان جوتیارێك نەبیت بۆت نی‌یە بڵێی كۆمۆنیستم. . بەڕاست داهێنانە ئاگادار بە كوێخا ئێستا ساڵی 2003 یە بیرت نەچێت. . . . . . . . . . . . . . .

2003-09-16